# کۆنگرەی مەککە و هەڵوێستی ئیسلامی سیاسی کوردی

٢٠ی مانگی بەسەرچوو، کۆنگرەی مەککە لەلایەن ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی لە وڵاتی عەرەبی سعودی بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە پیاوانی ئیسلامی سیاسی بەسترا.
کۆنگرەکە لەلایەن پادشای سعودی شا عەبدوڵڵا کرایەوە و سێ کەسیش لەوانەی قاڵبووی نێو ئیسلامی سیاسین لە کوردستاندا بەشدارییان تێدا کرد کە بەڕێزان: (سەڵاحەددین بەهادین و عەلی قەرەداغی و عەلی باپیر) بوون، کە هەرسێکیان ڕێچکەی سیاسییان دیارە.
جێی سەرنجە کۆنگرەی مەککە، لەکاتێکدا باسی نەهێشتنی خوێنڕشتنی نێوان شیعە و سوننەی عەرەبی دەکرد بەهۆی تیرۆری ئایینی و تەکفیرەوە، کەچی بە پلەی سەرەکی ئەوانەی لەو خوێنڕێژییە بەرپرسیارن بەشێکی بۆ ئەوانە دەگەڕێتەوە کە پەنایان بردۆتە بەر ئایینی سیاسی، کە تیرۆری ئیسلامی سیاسی لێ هاتۆتە بەرهەم، چونکە ململانێکان لە عێراق ئایینی سیاسییە، نەک ئایینی ڕووت و قووت.
گرفتێک لە عێراق بەناوی ئایین نییە ئەگەر تێکەڵ بە سیاسەت نەکرابێ، بۆیە هەندێک لەوانەی بەشدارییان کردووە لەو کۆنگرەیە، یان نوێنەریان ناردووە، تاڕادەیەک ڕۆڵی جۆراوجۆریان هەبووە لە ئاڵۆزکردنی دۆخی عێراق تا بەم شێوەیەی ئیمڕۆ گەیشتووە.
تەنانەت کەسێکی وەکو ئایەتوڵڵا بەشیر نەجەفی کە ئامادەی کۆنگرەکەش نەبوو، لەنامەیەکیدا بۆ ئەمینداری گشتی ڕێکخراوی ئیسلامی، نووسیویەتی «ئەو خوێنڕێژییەی کە ئێستا لە عێراق هەیە هی ململانێی تایفەگەریی نییە وەک ئێوە وایدەبینن، بەڵکو لە ئەنجامی ململانێی سیاسییەوەیە کە چەندین لایەن بەشداری تێدا دەکەن کە کار لە بەرژەوەندییەکانیان دەکات).

لێرەوە دێمەوە سەر ئەسڵی بابەتی نووسینەکەم، کۆنگرەی مەککە دوورو نزیک ئاماژەی بۆ عێراقێکی فیدراڵی دیموکرات نەکردووە، بگرە زۆر جەختی لەسەر یەکێتی و یەکپارچەیی خاکی عێراق کردووە و ئەو ٣ بەڕێزە کوردە ئیسلامی سیاسییەش کە لەناو کۆنگرەکە بوونە، نوقەیان لێوە نەهاتووە کە یەکپارچەیی خاکی عێراق بە دامەزراندنی عێراقێکی فیدراڵ و دیموکرات دێتە دی، واتە فەلسەفەی «جیابوونەوە لەپێناو یەکگرتنەوە» باشترین و جوانترین نموونەیە لە عێراقێکی فرە نەتەوەییدا جێبەجێ بکرێ،نەک ئەو فەلسەفەیەی کە کۆسمۆپۆلیتەکان بەکاریدەهێنن و دەڵێن موسڵمان هەمووی برای یەکن و نیشتمان گرنگ نییە، بەتایبەتی بۆ ئێمەی کورد کە دەیان ساڵە لەپێناوی نیشتمانەکەماندا، قوربانی لە بن نەهاتوومان داوە و داگیرکەرانیش بە دروشمی بریقەداری درۆزنانە، ئەنفال و کیمیاباران و هتد....کردین.
پێویست بوو ئەو ٣ برادەرە لەو کۆنگرەیەدا وەکو کوردێک خۆیان دەرخستایە نەک وەک کۆسۆپۆلیت، ئاخر ئەو بەڕێزانە لە سایەی ئەو ئازادییەی کوردستانە حزبی ئیسلامییان دروستکردووە و بانگهێشت دەکرێن، دەبوو باسیان لەو هەموو غەدرە بکردایە کە ئەمڕۆ لە ناوچەکانی دەرەوەی جوگرافیای حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کورد دەکرێن، ئەو هەموو گوشارە جۆراوجۆرە و ئەو هەموو بیانووە بێ پاساوانەی کە حکومەتی ناوەندەی بەغدا ، بەو هەموو لاوازییەی خۆیەوە ، دەیخاتە سەر کوردان،کەواتە ئێستا هەقە بپرسین، مەبەست لە چوونی ئێوە بۆ ڕازیکردنی گرووپە ئیسلامییە سیاسییەکان و ڕازیکردنی سعودیە بوو، یان هی کورد؟!
ئایا ئێوە وەکو کورد چووبوون، یان وەکو نوێنەری حزبەکانتان؟! باشە ئەگەر نوێنەری حزبەکانیشتان بن ئەی نازانن حزبەکانتان سەرەڕای ئەم هەموو بۆچوونە جودا لە یەکە، بە ئازادی لە کوردستان بۆچوونەکانتان دەخەنە ڕوو، ڕەخنە دەگرن،.....هتد، ئەی ئەرکی سەرشانی ئێوەش نییە لە شوێنی وەها قسەیەکی خێر بۆ نیشتیمان و میللەتەکەتان بکەن، ئەی بۆ نەتان کرد؟!



فوئاد سدیق

باشە چوونی ئێوە چ خاڵێکی پۆزەتیڤی خستە سەر بەڵگە نامەکەی مەککە «وثیقة المکة» ئەمانەو دەیان پرسیاری تر خۆی قووت دەکاتەوە، بەداخەوە بەش بە حاڵی خۆم لە ڕۆژنامەی کۆمەڵ و یەکگرتوو کە باسیان لەو چوونە دەکرد و...هتد وەڵامی ئەو پرسیارانەم تێدا نەدی....!.